# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە٢٤ـ ١ی پووشپەڕ ٢٧١٨**



**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

جێگر بەختیار

موحسین سوبحانی

ناسر فەتحی

شەرمین ساڵحی

زانا شەریفیان

بیژەن ڕەحمانی

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٢٣ ...

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین

ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- **چیرۆکی کارگەیی**
- **بەتامی چیرۆک**

- **ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

**١ی پووشپەڕ ٢٧١٨**

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## «مانیفێستی شاعیرێکی خەرەفاو»

کاوەی حاجی سەید سەلام دەیگوت: هەرکەس میز بە کۆلکە زێڕینە دا بکا; ئەگەر کوڕ بێ; دەبێتە کچ; ئەگەر کچیش بێ; دەبێتە کوڕ!

شاعیرە خەرەفاوەکە, هەمیشە کە دەچوو بۆ مەبال, دڵەڕاوکەی ئەوەی بوو; کە نەکا لاقی ڕاستەی لەپێش دا, بخاتە ژوور! تەنانەت یەک دوو جار لە چوونە مەبال دا, لاقی ڕاستەی بڕییەوە و بە ڕەختاوێزەکەی حوجرەی داکرد!

بیرەوەریی ئەو ڕۆژەی وا ئیزنی دیداری شاعیری گەورەی وەرگرتبوو; شێتی دەکرد. شاعیری گەورە بە هۆی کێلانی کێڵگەی نەریت; ڕووی نەدابوویە!

ویستی ببێتە یەکەم شاعیری وڵات. بە کۆلکەزێڕینەی زمانە ناوچەیی یەکان دا هەڵمیست! بێ ئاوەزی, کراسێک بوو کە بە بەژنی ئەو دوورابوو!

• بیژەن ڕەحمانی



Manfred Pabst

## «مانگی پڕ لە سوڕ»

شەماڵ و هیوا دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی بوون. هەردووکیان جوانچاک و لەبەردڵان و بێ کێشە بوون. تەنانەت یەک دوژمنیشیان نەبوو. شەماڵ بڕێک لە هیوا باڵابەرزتر بوو؛ هیواش کەمێک لە شەماڵ بەخۆوەتر بوو. هەردووکیان لە یەک ساڵدا لەدایک ببوون. بەس شەماڵ سێ مانگ لە هیوا گەورەتر بوو. وازی ماددیی بنەماڵەی هەردووکیان وەک یەک وا بوو. بەڵام شەماڵ تاقە کوڕەی ماڵەوەیان بوو. لە کاتێکدا هیوا لەنێو پێنج برایان، کوڕی گەورەی ماڵەوەیان بوو. هەردووکیان بەیەکەوە قوتابخانە و زانکۆ و سەربازییان تەواو کرد. بە ڕێکەوت لە قوتابخانە و لە زانکۆ پێکەوە بوون بەڵام لە سەربازی نا. ئەو مەودایەی سەربازی خستییە نێوانیان، هاوڕێیەتییەکەی لێ شێواندن.

شەماڵ بەتەنێ، لە ماڵی خۆیان دانیشتووە و سەیری ئاڵبۆمی وێنەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی و هیوا دەکات. لەبەر خۆیەوە دەڵێ: "ئای هەمیشە لیباسی وەکوو یەکمان لەبەر دەکرد. سەریشمان بەیەک مۆدێل دادەهێنا. هەمووکەس پێیوابوو براین. ڕەنگ سەهلە خووی یەکتریشمان گرتبوو."

هیواش لە ماڵی خۆیان، لەگەڵ ژنەکەی دانیشتووە و سەیری وێنەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی و شەماڵ دەکات. هیوا بە ژنەکەی دەڵێ: "سەیرکە هەموو عەکسەکانی من و شەماڵ دوونەفەرین. قەت نەماندەهێشت کەسی دیکە لەگەڵمان عەکس بگرێ. هەمیشەش دەستمان لە ملی یەک دەکرد. هەر کەوشەکانمان لە یەک نەدەچوو، شەماڵ بنی پێی تەخت بوو، من نا. من نەک هەر بنی پێم تەخت نەبوو، زۆریش لاق و لەتەرێکی قەبە و ناڕێکم هەبوو. تا شەماڵ جووتێکی کەوش دەدڕاند من سێ جووتم شڕ دەکرد. هەر ئەو بنی پێ تەخت بوونەشی، وای کرد لە سەربازی نەکەوینە لای یەک."



ژنەکەی هیوا شتێکی سەیری لە وێنەکاندا بۆ دەردەکەوێ، بۆیە بە هیوا دەڵێ: "هیوا هیچ سەرنج داوە، شەماڵ لە هەموو عەکسەکاندا خۆی نەوی کردووە و چۆکی بڕێک نووشتاندووەتەوە؟"

ڕێک لە هەمان کات و سات دا، شەماڵیش لە ماڵی خۆیان شتێکی سەیر لە

وێنەکانیاندا دەدۆزێتەوە، دەبینێ هیوا لە هەموو وێنەیەکیاندا خۆی وێک هێناوەتەوە و شانەکانی داشۆڕاندووە.

ئەو ڕۆژە کە شەماڵ و هیوا خەریک بوون سەیری ئاڵبۆمی وێنەکانیان دەکرد، ساڵڕۆژی پەیمانی بڕایەتییان بوو. ئەو پەیمانەی بە بڕینی مەچەکی دەستیان و تێکەڵکرنی خوێنیان پێکەوە بەستبوویان.

ژنەکەی هیوا دەڵێ: "وادیارە شەماڵ چوونکە لەتۆ باڵابەرزتر بووە، هەمووجارێ بەقەستی خۆی چووکە کردووەتەوە بۆ ئەوەی لە تۆ درێژتر دیار نەبێ و تۆ بەخۆت دا نەشکێیەوە!"

شەماڵیش لە هەمان کات دا لەبەر خۆیەوە دەڵێ: "هەتی هیوا بۆ ئەوەی من بەخۆم دا نەشکێمەوە، هەمیشە شان و پیلی وێک هێناوە و شانووباهۆی خۆی شاردووەتەوە!"

هیوا کە ئەو ڕازەی بۆ دەردەکەوێ، سەری ئەو قسەیەی کە هەمیشە خۆی لێ دەبوارد لەگەڵ ژنەکەی بیهێنێتە گۆڕێ، بە پرسیارێک دادەمەزرێنێ: "شەهلا ویژدانەن تۆ چۆن منت بەسەر شەماڵدا هەڵبژارد؟ خۆ ئەویش وەک من خۆشی دەویستی! دەزانی من و شەماڵ ڕێککەوتبووین هەردووکمان بە جیا جیا پێت بڵێین، تا تۆ یەکمان هەڵدەبژێری. پێموابێ تۆ هەر نەت دەزانی من و شەماڵ ڕفیقی گیانی بە گیانی بووین! نا نەک هەر ئەوەت نەدەزانی، زۆر شتی دیکەشت نەدەزانی!"

شەهلا دەڵێ: "چەندە لەوڕۆ و لەو سوعالە دەترسام. ئەگەر باسی بکەم، دەبێ ئەو قەولەی پێم دابووی بیشکێنم!"

هیوا بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ: "قەول؟ چ قەولێکت بە منداوە؟ ئەی بۆ بۆخۆم لەبیرم نییە؟"

شەهلاش سەری لەو قسەیەی هیوا سوڕ دەمێنێ و دەڵێ: "دەی ئەگەر وابێ، گوێ بگرە! شەماڵ کە چوو بۆ سەربازی، ئیدی یەکجاریش لە منی نەپرسییەوە، ئەما، بیڵێم؟ نا نایڵێم! حەیفە! ئاوام چاو لێ مەکە! دەیڵێم باشە؛ ئەما تۆ زوو زوو نامەت بۆ دەناردم. ئەویش ئەو نامە خۆش خەت و و جوانانەی کە منی شێت و شەیدای تۆ کرد!"

هیوا تەزوویەک لە بنی پێی ڕا تا تۆقی سەری دەچێ و بۆ چەن چرکەیەک کاسی دەکات. کوتووپڕ وەخۆ دێتەوە و دەڵێ: "من لە دەورانی سەربازیدا کوا نامەم بۆ تۆ ناردووە؟ ئەزقەزا بە ئانقەست نامەم بۆ نەدەناردی بۆ ئەوەی شەماڵ نامەت بۆ بنێرێ و بە نسیبی ئەو بی! دیارە لە شتێکی دیکەش دەترسام! ئەما ئەو ترسەم زۆر پێ موهیم نەبوو!"

شەهلا دەڵێ:"چۆن قسەی وا دەکەی! ئەی ئەو نامانە کێ دەیناردن؟ ئەی بۆ نێو و ئیمزای تۆیان لەبن بوو؟""

هیوا لەبەر خۆیەوە دەڵێ: "هەتی بەگیانت ئەوە شـەماڵ بووە، لە زمانی منەوە نامەی

بۆ نووسیوی! نامەکانی پێش چوونە سەربازیشم هەمووی هەر شەماڵ بۆی دەنووسیم و بۆم دەناردی. کە چوومە سەربازی نەمتوانی نامەت بۆ بنێرم چوونکە لەلایەک دەترسام دەستووخەتم ئاشکرای بکات کە نامەکانی پێشووشم هیچی بۆخۆم بۆم نەنووسیوی و، لەلایەکی دیکەشەوە بەدڵ پێم خۆش بوو بە نسیبی شەماڵ بی. تۆ مەڵێ شەماڵ لەزمان منەوە هەر نامەی بۆ ناردووی! شەماڵ دوو جۆر دەستووخەتی هەبوو، نامەکانی خۆی بە خەتی کتێبی بۆ تۆ دەنووسی و نامەکانی منیشی بە خەتی شکەستە بۆ تۆ دەنووسی. من خەتم زۆر خراپ بوو، نامەی ئاشقانەشم نەدەزانی بنووسم. ئەی باشە بۆ جوابت بۆ نەدەناردمەوە؟ ئەها جوابەکانیشت هەر بۆ شەماڵ ناردووەتەوە؟"

شەهلا دەڵێ: "نا، جوابی چی! من جوابم نەدەناردەوە، چوونکە لە نامەکان دا نووسرابوو کە جوابەکانم بە مانگ بڵێ، من بۆخۆم لە ڕووی مانگ دەیانخوێنمەوە."

هیوا دەڵێ: "ئەی چۆن ئەگەر بە نامەی من لێیان تێگەیشتووی، تا ئێستا لەلای خۆم باسی ئەو نامانەت نەکردووەتەوە؟"

شەهلا لە کاتێکدا کە وردە وردە فرمێسکی هەڵدەوەراند گوتی: "چوونکە لە نامەکاندا قەولی ئەوەم لێ ستێندرابوو کە نابێ هیچ وەختێک باسی ئەو نامانە لەلای خۆم و خۆشت بکەم، دەنا جادووەکەیان بەتاڵ دەبێتەوە!"

جادووی نامەکان بەتاڵبووەوە و شەهلا لە هیوا جودا بووەوە و هیواش بۆی دەرکەوت کە شەماڵ لە سەربازی لە دینی هاوڕێیەتییان دەر نەچووبوو، بەڵکوو...

ئێستا هەموو شەوێ هیوا و شەماڵ بە دەستوو خەتی خۆیان یەکی نامەیەک بۆ شەهلا دەنووسن و بەجیا بۆ مانگی دەخوێننەوە و، شەهلاش هەموو شەوێ وەڵامی نامەکانیان بە نامەیەک دەداتەوە بە مانگ.

• ناسر فەتحی





Marcus Witte

## «پیاو»

دەستەکانی ئەلەرزی. دەنگی نووسابوو. بەشێکی هۆکاری پیری بوو بەڵام ئێستا زیاتر بۆ ئەو بیرەوەرییە ئەگەڕایەوە کە بە حەسرەتەوە بۆ منی ئەگێڕایەوە:

"ڕۆڵە وا ئەزانی ئەم پیاوە بووم ئێستا ئاوا کەنفت بوومە. تەڵاقم کەوتبێ پیاوم بە پیاو نەئەزانی. ئەو ژنە بە کوڕەکەمانەوە دوو گیان بوو بێزگی بە خەیارەوە کرد. خاڵم لەو تەنگەراییەی ئەوبەری دێ تەڕەکاڵی بوو. بیلاتەژوی داوام لێکرد تۆزێکمان بداتێ. ئەوەنە ئینکار و ڕق لە دڵ بوو حاشا حازری نەیدامێ. قاڵەکەمان لەسەر ئەوە بوو ئەیوت ئەو بەشە زەوییەی دایکت بدە بە من. تۆ کوڕی مزرا و باخ نیت. ئەیوت شەنی خۆت بدە بە من بای لای تۆ چەفتە. تەڵاقم کەوتبێ کەتمان ناکەم. هاوە ژن پێی بێژە. درۆزن ڕوو ڕەشە. ئەگەر درۆ ئەکەم با بیکوتێتەوە ناوچاوم."

ژنەکەی لەوبەرە هاڵەکە و لە تەنیشت سەماوەرەکە پشتی تێکردبوو و لە ناو قسەکانیدا جارجارێ لایەکی لێئەکردەوە و چنگێکی لە دوورەوە تێئەگرت و ئەیوت:"ئۆۆۆی حاشا لەو ناوچاوتە! باشە پیاوەکە باشە کەم سەری قسەی زوو بدێرەوە. ئەو پیاوە مردووە خوا بتگرێ" جارنەجاریش دوای تەڵاقێکی پیاوەکەی لێوێکی گرژ ئەکرد و بە تانەوە ئەیوت"تەوەڵا، تا ئیسا نەتخستووە؟!"

هەموو کرداری ژنەکەی ئەدیت بەڵام وەک بیپەرچێنێتە دڵ بە لاچاوەوە تەماشایەکی ئەکرد و هیچی نەئەوت و ئەکەوتە حیکاتەکەی خۆیەوە:

"بەهەر جەهەت، خەیارەکەی نەدامێ و تەڵاقێکم پێوەنا بۆ ئەو شەو بێستانەکەی بڕنمەوە. هیچ ئیتر، شەو خۆم خستەڕێ و ئەوەی بۆم ئەهات هاوردم و ئەوەیشی نەهات ڕنیمەوە و پڕاندمە ئەو ناوە. بێقەزاویت ڕۆڵە! تەڵاقم کەوتبێ پیاو نەبووە تا ئیستا هەتکم پیا بدات. وەلێ ئەو ژنە سەری پێ داخستم."

لای خۆم وتم ئاخۆ پیاو دەبێ لای ئەو چ جۆرە پێناسەیەکی هەبێت کە لەپڕ ژنەکەی بە لاقرتییەوە هەمیسان هاتە قسە:

"ڕاس ئەکا ڕۆڵە! نانی حەڵاڵی بۆ هاوردووم. پیاوی خەڵکی کۆکەن ئەکا بۆ مناڵی، ئەم دزیمان بۆ ئەکات.بە نانی حەرام ئەو مناڵانەی گۆش کردووە"

ویستم قسەیەک بکەم لەو بەینەدا نەبێ بە ئاژاوە کە لە دەمی منیان سەندەوە:

- ئەیچی هەر بە نانی دزی گەیینە ئێرە. ئەو تۆزە ڕووی سوورەش هەتانە هی منە.

- حەددت نەبێ کورە. تۆ بڕۆ تەڵاقەکەت بخە. ئەڵبەتە ئەگە مابێت!

-ڕاست ئەکەی پیاو بوایەم دە ساڵ لەمەوبەر سێ بەردەم ئەنایە مشتت

وەک ئەمە جیددیترین هەڕەشەی پیاوەکە بێت، ژنەکە چیتر ورتەی لێوەنەهات. منیش نەمویرا بدەم بە ناو قسەکانیاندا تا ئەو دەمەی پیرەمێردەکە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو ڕووی تێکردم:

- بێ و خۆت مەدوین بکە بۆ ژن و منال. پەنجا ساڵە وەک سەگ لە ماڵی من ئەچڵەپێنێ ئینجا ئێژی نانی تۆ حەرامە. تانەی تەڵاقم لێئەدا. بۆ دە ساڵ ئەڕوا سەری نەکردۆتە جێگەکەما. دەی ئەو تەڵاقە ئیتر فڕی پێوە ماوە تا بیخەم و نەیخەم؟! دوور لە ڕووت پیاوەتی لە ناو گەڵی پیاوی کوردا نەماوە. ژنی لای خۆمان بە تەڵاق ئاوس ئەبێ!

ئەوەندە بە کزییەوە ئەو دوا ڕستەی وت و هێندە شەرم گرتمی بێ خانەئاوایی هەڵسام هاتمەدەر.

• موحسین سوبحانی



Peter König

## «بووکە شووشە»

نزیکەکانی وەرزی پاییز بووە دەمێ ساڵ بوو هاوڕێی یەک بوون تەنیا ماڵێک لە نێوانا بوو .

ڕۆژێکیان خۆی گەیاندە درگای دوو تاییەکە ،بە پێکەنینێکەوە جۆرێ هاواری کرد تەواوی وشەکانی لە ماڵە کپەکەیا دەنگی دایەوە.

_ دادە خەجیج ، زێنەب لە ماڵە ؟ ئەوە بۆ دیار نیە؟

_ئەرێ ئامین گیان ئەوە لە دیوەکەی سەرەوەیە .

کە خۆی گەیاندە دیوەکە دەستەکانی بە ناو درگاکەوە گرت بە جۆرێکی سەیر و پەشۆکاو لە دیوەکەی دەڕوانی، کە زێنەب چاوی پێی کەوت فرمێسکەکانی وەک هەوری بەهاری بە ڕوومەتیەوە هاتە خوارەوە.

_زێنەب چی بووە بۆ دەگری ئەمە خەریک چیت ئەم کارانە چیە دەیکەی!؟ کچێ ئەوە چەن ڕۆژی دیکە مەدرسە دەکرێتەوە دەبێ بچین بخوێنن بۆ زانکۆ .

_ ئامینگیان خوێندن تەواو بوو هەمووی چوو ؛ مەگەر لە باوکت هەواڵت نەبیستە چیمان بەسەر هاتە باوکم ئەوەندە قەرزدارە هەموو ڕۆژێ یەکێ دێ درگامان پێ دەگرێ ؛ نەخۆشە ناتوانێ کارکات ؛ ئێمەش سێ کچ کەس نیە کاسبیمان بۆکات دەبێ تەون کەین قەرز بدەینوە ؛ ئەوە نیوەی ماڵەکەشمان چووە هەر ئەم ڕۆژانەیا بێن تێغەیەک بکێشن و نیوەی کەن هەر ماوە شار بەدەرمان کەن، دەرسم پێچایەوە دەبێ ئەم تەونە تەواو بێت تۆزێ لە ژێر ئەم فشارانە بینە دەرەوە.

_ ئەو هەمووت خوێندە خۆ دەبێ کۆتایی پێ بێنی دەبێ بگەیتە جێگایەک .

_ئامین گیان، ناتوانم دەبێ نیوەڕۆژێ لە خوێندن بم دوای چەن کاتژمێر بۆ زانکۆ خوێنم کەی کاتم دەبێت بۆ تەون خۆ ئەو دوو منداڵە ناتوانن خۆ ئەوەندە هیلاک کەن ، دەبێ ئەوان دەرس خوێنن و لێ نەبنەوە ؛ دایکە هەژارەکەشم دەبێ دایمە بە ڕێگای درگاوە بێت جۆرێ وڵامیان داتەوە کە باوکم نەخەنە زیندان بتوانین پووڵەکەیان دەینەوە.

چاوکە بووکەکەی لە باوەشە قولاپی گرتە بە دەستیەوە خەریکە عیلمە دا ئەکوتێ .

_زێنەب نابێ وابێ دەچم پرسیارت بۆ دەکەم دەبێ هەر بخوێنی بە هەر جۆرێک بێت ، بە خانم ڕەحیمی دەڵێم ، نەچیتەوە بۆ مەدرسە تەنیا کاتی تاقیکاریەکان نەبێت ؛ باوکم خێر خوازی زۆر دەناسێ

لێی دەپاڕێمەوە پوولێکتان بۆ کۆ بکاتەوە، ڕاوەستە دەبینی ئەوە من دەچم تا جێ بەجێی نەکەم ناگەڕێمەوە ،خواحافیز.

دوای چەن ڕۆژێ کات بەسەر چوو هیچ هەواڵێک نەبوو زێنەبیش لە بەیانیەوە تا شەو قولاپی بە دەستەوە دەگرت هەمووکاتیش بە دەم فووی لە دەستی دەکرد با عارەقەکەی زوو وشکەوە بێت ؛ زۆر جاران ئەوەندەی خەو دەهات کە خەونوچکە دەیبردەوە قولاپەکەی لە چاوی خۆ ڕۆ دەکرد.

ڕۆژێکیان لە ناکاو ئامین خۆی کرد بە ماڵێدا تا دیوی تەونەکە ڕانەوەستا زێنەبیش بە چی هێزی تێدابوو خەریک بوو دەفی دەکوتا بە تەونەکەیا خەجیجیش لە سەرێکەوە خەریک بوو گوڵی دەداوە :هاواری کرد.

_هەواڵێ زۆر خۆشم بۆ هێناوی کارەکەت جێ بەجێ بوو .

_جا چۆن؟چی پێش هاتووە؟

_ڕاوەستە با بۆت بڵێم. ناپلئۆنی برام دەزانی ئەوساڵە ئەویش وای نەکرد دەستی لە خوێندن هەڵنەگرت دواتر بیری کەوتەوە، مەجبوور چوو شەوانە خوێندی ؛ تۆش شەوانە بخوێنە ، هەر کاتی تاقیکاریەکان بچۆوە کەسیش کاری پێت نیە ؛ جا لە هەموو خۆشتر ، ئەمە کتێبەکانی ؛ ئەمەش پێنووس و دەفتەر هیچی تازە نیە بە جۆری خراپ بیر کەیتەوە دەمێنێتەوە ناونووسی کە دەبێ حەتمەن بچین بەیەکەوە ، بۆ ناونووسی کۆنکووریش کارت نەبێ هەرکات هات خۆم بۆت جێبەجێ دەکەم ئیتر چیت دەوێ کتێب و پەڕەی تاقیکاریەکانی خۆمت بۆ دێنم خۆت شەوانە بیانخوێنە ئەو هەموو مێشکت چاکە دەی کاری بکە.

_ئامین گیان کچم ئاخر زانکۆ پووڵی دەوێت چیکەین بۆ ئەوە نیمانە خۆ ناکرێ.

_هیچ خەمت نەبێ دادە خەجیج باوکم جاران کچێکی بوو ئێستا دوو کچ ، پێم وتە وتوویە لەبەر ڕەزای خوا حەتمەن هەموو هەوڵێکی دەدات بەشەرتێ زێنەب زۆر جوان بخوێنێ ، دەنا من ناچم با باوکم هەر پووڵی زێنەب بات.

_نازانم بێژم چی .

_وتنی ناوێت ئەو دوو کچەی دیکەشتان چاو لە ئێوە دەکەن گوناحن با لە خوێندن نەکەونە دواوە.

کاریان وای لێهاتبوو حەفتەی جارێک ئامین خۆی دەکرد بە دیوی تەونەکە ئەوەی پێویست بوایێ پێی دەوت و یان شتێکی بویستایێ پێی دەدا ، زۆر ڕۆژان کتێبە تایبەتەکانی دەدایێ بە وردی بیخوێنێ یان چەن کاتژمێر دادەنیشت و ئەوەی پێویست بوایێ بە وردی بۆی دەنووسی با شەوانە بیخوێنێ. ڕۆژەکان

بەسەر چوون هەر دەنگی دەفەی فەرش و پەڕەی کتێب و ورتە ورتی زێنەب دەهات ، بەهار تەواو بوو کۆنکووریش تەواو ؛ هاوین هات ئامین و زێنەب هەردووکیان توانیبوویان سەربکەون. ماوە کام زانکۆ بچن یان چی بخوێنن خەرجی زۆر نەبێت و داهاتووشی بێت.

_هەواڵێکی زۆر خۆشم بۆت هەیە تەربیت معلم لێدەدەین هەم ماوەکەی کەمە هەم پووڵیش دەدەن هەم داهاتووشی هەیە .

_جا بێژی قەبووڵ بم!؟

_بۆ نابی تا ئێرە هاتووین ئەگەر ئەم نەبوو باوکم بڕیارەکەی جێبەجێ دەکات .منیش دەچمە زانکۆیێ نزیک با باوکم بۆڵەشی نەیات بۆ پووڵەکەی.

ساڵانی زۆری بەسەرا تێپەڕی ، ئێستا من و دادەم لە زانکۆ دەخوێنین

دادە زێنەبیشم لە قوتابخانەی کۆڵانە کۆنەکەمان دەرس دەڵێتەوە،

ئامینیش یان دادە ئامینیش ئەو کچەی وا ڕۆژانێک دەهات بۆ ماڵمان و منیش بە بووکەکەی دەستم چاومان دەبڕیە چاوەکانی و دەمی ؛ ئەو کچەی وا خۆی بۆ تربیت معلم نەنووسی با دادەم بتوانێ سەرکەوێ ئەو نیمەڕۆیەی وا ڕووی لە من کرد و وتی ڕۆژێن من ناچم با ئەو بتوانێ ژیانێ خۆشتان بۆ درووست کات.

• زانا شەریفیان



Christian Twehues

## «نێرگز»

بە دەنگی ئەڵڵاهووئەکبەری مزگەوتی کۆڵانەکە وەخەبەر هاتم. دەنگی دەرویش حەمەی مجێور بوو، زۆر جار تەنیا سی چرکەی پێدەچێت تا بانگەکە بڵێت، ئەگەر بێتوو مەلا عەلی بێت ئەوا دەبێ دە خولەک زیاتر گوێی لێ بگرین. دەرویش حەمە کەسێکی زۆر بە پەلەیە، کاتی کۆ کردنەوەی هەینیانەکەیشی هەر وایە، ئەگەر بێت و زوو وڵامی نەدەیتەوە ئەوە لەو ناوا نامێنێت. گوێم لە دایکم بوو دەیکوت: هەی ڕاستەوە نەبیت بۆ بانگدانت دەڵێی بە دوایدا کەوتوون، دەی بڵێ ئاخر دەرویش خۆت لە خۆت حاڵی دەبێت تا ئێمە لێت حاڵی بین؟ لە سەر دەنگ و سەڵای مەلا عەلی، بانگدان حەرامە... نوێژەکەی کە تەواو کرد، دیسان گوێم لێبوو دەیگوت: ئەم کچە لە نێو ئەم شپرزی و بۆنە ناخۆشا چۆن نووستووە، ئاخر بڵێ بۆ لەم هاڵە گەورەیەدا نەنووستووی؟ هەر لە نێوەڕاستی ژوورەکەم جێگەیەکم ڕاخست و نووستم، هەستم دەکرد خۆشترین خەوی ژیانم کردووە، دەستەکانم بە جەمام کەوتبوون و بۆم ڕاستەوە نەدەبوون؛ دایکم دەرگاکەی کردەوە و سەیرێکی دیوارەکان و بن میچەکەی کرد و گوتی: وەڵا جوانت ڕەنگ کردووە، ئاگام لێبوو هەر تەقەت دەهات، هەر خەم ئەو پلیکانە ئاسنییەم بوو دەمگوت کەس نییە بۆی بگرێت ئێستا دادەکەوێ...باشە هەستە ئاگات لەو چێشتە بێت من دەڕۆم بڕێک ئەو ژێرزەمینە کۆ دەکەمەوە.

دوێنێ شەو تا دەمەو بەیان خەریکی ڕەنگ کردنی ژوورەکەم بووم؛ بابم دەیگوت: لێی گەڕێ سبەی خۆم و کاکت بۆت ڕەنگ دەکەین؛

گوتم: هههههه بابەگیان ئەی بۆ خۆم چیم... بۆ خۆم ڕەنگی نەکەم؟

ـ سەخت ئەبێت بۆت کچم دەنا پێت خۆشە خۆت ڕەنگی بکە

لە سەتڵێکی گەورەدا ڕەنگەکەم تێکەڵ کردبوو، سپی و وەنەوەشەییەکی تۆخ، لە منداڵییەوە حەزم لە ڕەنگی وەنەوشەیی بوو، دەمگوت: ئەگەر ژوورێکم ببێت هەموو شتێکی دەکەم بە وەنەوشەیی، هەموو کەل و پەلەکان، دیوارەکان، پەردەکان، مێز و سەندەڵی و کۆمێدەکەم بە هەموو جلەکانیشمەوە؛ تەنانەت ڕەنگی دەفتەرەکەم و پێنووسەکەیشم دەکەم بە وەنەوەشەیی. حەزم لە بووکڵەیەکی قژ زەردییش بوو بە جلی سارافۆنی وەنەوشەیی و جووتێک پێڵاوی پاژنەبەرزی وەنەوشەیی...

ئاخر جارێکیان ڕۆشتبووین بۆ ماڵ کاک عەبدوڵای پوورزای بابم، ئەو کات تەمەنم نۆ ساڵ دەبوو؛ کچێکیان هەبوو نێوی ڕۆژین بوو، ڕۆژین پانزدە ساڵی تەمەن بوو،

من و خوشکەکانمی بانگ کرد بۆ ژوورەکەی؛ ڕەنگی ژوورەکەی هەموو وەەوشەیی بوو، دیوارەکانی، پەردە و کۆمێد و کتێبخانە بچووکەکەیشی هەر هەمووی وەنەوشەیی بوو، تا ئەو کات هەرگیز تەختی خەوم نەدیتبوو؛ تەختی خەوەکەیشی وەنەوشەیی بوو، لە نێو کۆمێدەکەیدا چاوم بڕیبووە بووکەڵەیەکی قژزەرد بە جلی سارافۆنەوە کە پێڵاوەکانیشی وەنەوشەیی بوو...سەرمان سووڕ مابوو و نەماندەزانی سەیری چی بکەین، لە ژوورەکەیدا تەلەفزیۆن و سیدیشی هەبوو، سیدییەکی بۆ خستینە سەر و گوتی حەزتان لێیەتی؟ ئەمە تولدت موبارەکی ئەندییە زۆر خۆشە؛ ئێمە سێ خوشکی لە ڕوومان نەدەهات هیچ شتێک بڵێین، تەنانەت بە شەرمەوە سەیری گۆرانییەکەی ئەندیشمان دەکرد. هەرسێکمان دەڵێی قوڕ و قەپمان کردبوو؛ گوتی: ڕاوەستن با تراکێکیترتان بۆ بگرم، لەیلا فرووهەر بوو جونی جونۆم...هەڵبەت تا ئەو کات قەت ئەندی و لەیلا فرووهەرمان نەدیتبوو...گوێم لە خوشکە ناوەڕاستییەکەم بوو بە خوشکە گەورەکەمی دەگوت: سەیرکە چەندە ڕووت و قووتە...نەمدەزانی بە لەیلا فرووهەری دەگوت یان بە ڕۆژین. ئاخر ڕۆژینیش تابێک و شەلوارەکێکی ناسک و چەسپی لە بەر کردبوو. دایکی ڕۆژین فارس بوو و کچی یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی تاران بوو، کا عەبدوڵایش خۆی کەسێکی زۆر دەوڵەمەند بوو و کاتی خۆی لە گەڵ برای ناهید خانمدا"ناهید خانم ژنی کاک عەبدۆڵا " ئیشی بازەرگانی دەکەن، ئیتر بنەماڵەکان زۆر تێکەڵاوی یەک دەبن و کاک عەبدۆڵایش چاوی بە ناهید خانم دەکەوێ و ئاشقی دەبێت...

بابم زۆر کاک عەبدۆڵای خۆشدەویست ئاخر دەیگوت لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە بووین، کاک عەبدۆڵا لە دوای مردنی باوکی ماڵ و سامانێکی زۆری پێگەیشتبوو، بەڵام بابم هەر خەریکی کۆڵکێشی خۆی بوو. هەتا گەورەتر دەبووم ڕەنگی وەنەوشەیی لە زەینمدا جێگیتر دەبوو و خۆی بە سەر هەموو ڕەنگەکانیتردا زاڵ دەکرد. ئیتر تەواوی خولیاکانم لە ژوورێکی ونەوشەییدا کۆتایی پێدهات. سەرم لە چێشتەکەدا و خەریکی خواردنی چا بووم دایکم بانگی لێکردم؛ ڕۆشتم بۆ ژێرزەمینەکە گوتی: کچم بێ بزانە ئەو کارتۆنە کتێبەت ناوێ لێرە داتناوە، ئێرە زۆر شپرز بووە، با هەرچی بەکەڵک نایەت فڕێی بدەین.

- نە دایە گیان ئەمانە کتێبی دەرسی پێش زانکۆیە نامەوێن ئیتر. بەڵام نا فڕێی مەدە، شوێنێک هەیە کە کتێب و قاقەزی بەکەڵک نەهاتوو کۆ دەکەنەوە بە مەبەستی دووبارە کردنەوەیان بە دەفتەر و قاقەزی نوێ بۆ یارمەتی بە منداڵە هەژارەکان، دەیبەم بۆ ئەوێ.

هەر وا کە لاپەڕەی کتێبەکانم هەڵدەدایەوە، کۆپلە شێعرێکی سۆهراب کە لە سەر لاپەڕەی کتێبی ئینگلیزییەکەم نووسرابوو سەرنجی ڕاکێشام؛

" قایقی خواهم ساخت

خواهم انداخت به آب.

دور خواهم شد از این خاک غریب

که در آن هیچ کسی نیست

که در بیشه عشق قهرمانان را بیدار کند...

هاوڕێی هەمیشەییت نێرگز!

(بەلەمێک چێ دەکەم

دەیخەمە نێو ئاوێک

دوور دەکەومەوە لەم خاکە نەناساراوە

کە لەوێ لە بێشەڵانی ئەویندا

هیچ کەسێک قارەمانەکان لە خەو هەڵناستێنێ...)

ڕێکەوتەکەی دەگەڕایەوە بۆ پێنج ساڵ لەوە پێش ئەو کاتەی دواهەمین ڕۆژی پێش زانکۆمان بوو؛ لە پەنای کتێبەکاندا دەستەو ئەژنۆ دانیشتم؛ چاوم بڕیبووە کۆپلە شێعرەکەی سۆهراب. ڕۆژێک کە هاتە پۆلەکامان دوو مانگ لە ساڵ تێپەڕیبوو، هات و لە پاڵ مندا دانیشت. سەیرم کرد بزەیەک گرتی، دەنگی هەناسەکانیم دەبیست، وەک ئەوەی لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتبێ و هەناسەبڕکێی پێ کەوتبێ؛ مانتۆیەکی درێژی ڕەشی لە بەردا بوو کە تا سەر پێڵاوەکانی دەهات.

مێقنەعەکەیشی(جۆرێک سەرپۆشی ژنانە) ئەوەندە هانیبووە پێش چاوی کە برۆی داپۆشیبوو، تەنیا چاوەکانی ڕەشی دەکردەوە؛ سەیرم کرد هیچ کتێبێکی پێ نییە، کتێبەکەم لێ نزیک کردەوە و گوتم سەیری کتێبەکەی من بکە، سپاسی کردم و گوتی: بە زوویی کتێب دەکڕم؛ ماوەی دوو حەوتوو کتێبی نەبوو، لە دوای ئەوە بەڕێوەبەرەکەمان دەستێ کتێبی کۆنەی پێدابوو. زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە ئیتر کتێبی خۆی هەیە؛ نێرگز لە گەڵ هیچ کسێکدا قسەی نەدەکرد بەڵام ببوو بە تاقە هاوڕێم و هەموو کاتێ پێکەوە بووین. هۆکاری دێر هاتنیم بۆ قوتابخانە پرسی گوتی: ماڵەوەمان ئیزن نادەن بچمە زانکۆ. ئێستایش بە هەزار تکا و پاڕانەوە هێشتوویانە لە پێش زانکۆ بخوێنم. دەیگوت دیپلۆمەکەیشم هەر بە شێوەی (غیرحضوری) وەرگرتووە و لە ماڵەوە خوێندوومە؛ تەنیا بۆ کاتی تاقیکردنەوەکان ڕۆشتوومەسە قوتابخانە. نێرگز ماڵیان لە یەکێک لە لادێ نزیکەکانی شار بوو، بەڵام زۆر هۆگری زانست و خوێندن بوو، حەزێکی زۆری بۆ ئەدەبیات هەبوو و دایم شێعرەکانی سۆهراب و فرووغی دەگوتەوە؛ خۆیشی جارجارێ پەخشانی زۆر جوانی دەنووسی؛ ڕۆژێک کتێبێکی شێرکۆ بێکەسم پێدا و

گوتم: کچێ تۆ دەبێ کوردی خوێندنەوەیش فێر بی، حەیفە نەتوانی بە کوردیش بنووسی. پێکەنی و گوتی: بڕوا بکە زۆرم حەز لە فێربوونی زمانەکەی خۆمانە بەڵام تۆ دەزانی کە من ناتوانم بڕۆم بۆ ...قسەکەی تەواو نەکردبوو گوتم: من فێرت دەکەم پێویست ناکات بۆ هیچ شوێنێک بڕۆی. لە ماوەیەکی کورتدا هەر لە کاتی بێکاری قوتابخانە فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی بوو؛ من زیاتر لە خۆی دڵخۆش بووم بەڵام ڕۆژێک کە خەریک خوێندنەوەی شێعرێک بوو هەستم کرد خەمێکی گەورە لە گەروویا پەنگ دەخواتەوە؛ پرسیم:

- نێرگز لە چی ناڕەحەتی؟

- دەترسم، زۆر دەترسم؛ لەوەی کە نەهێڵن بڕۆمە زانکۆ...

- ئێستا تۆ بخوێنە، بەڵکوو بۆ زانکۆیەکی باش دەرچیت، ئەو کات هەوڵ دەدەین بە جۆرێک بنەماڵەکەت ڕازی بکەین؛

- نە من دڵنیام باوک و براکانم هەرگیز ڕێگەم نادەن لەم شارە دوورکەومەوە.

- نێرگز گیان! تۆ خەمی ئەوەت نەبێ، ئەگەر پێویست بوو من باوکم دەنێرم بۆ لای باوکت تا ئیزنی لێوەرگرت. ئەمەم کە گوت وەک ئەوەی هیوایەک بکەوێتە دڵیەوە ڕوومەتی گەشایەوە و باوەشی پێدا کردم.

- سپاس خوشکە تاقانەکەم، گەر تۆم لە پشت بێ ئیتر هەست بە تەنیایی ناکەم و خەمی هیچم نابێت

- بەڵێنت پێ دەدەم پێکەوە دەڕۆینە زانکۆ؛ دەخوێنین و لە سەر پێی خۆمان ڕادەوەستین چاو لە دەستی کەس ناکەین؛ تەنانەت دەستمان بۆ باوکیشمان درێژ ناکەینەوە...

کۆتا ڕۆژی خوێندن ماڵئاواییمان لە یەکتر کرد تا کاتی تاقی کردنەوەی زانکۆ. شەش مانگ بوو یەکترمان دەناسی بەڵام دەتگوت تەمەنێکە هاوڕێین، ئەوەندەی خوشکەکەکانم خۆشمدەویست و حەزم دەکرد کێشەکانی چارەسەر بن. بۆ ئەوەی هەواڵی یەکتر بزانین من ژمارەکەی خۆمم پێدابوو ئەویش ژمارەی ماڵەوەیان، کە زۆر بە ئەستەم وەردەگیرا. چەند ڕۆژ جارێ قسەم لە گەڵدا دەکرد، دوو ڕۆژ پێش تاقیکردنەوە بوو بەردەوام زەنگم لێدەدا بەڵام وەرنەدەگیرا و (بۆقی ئێشغاڵی) لێدەدا...زۆر جار هەر بەو شێوە بوو وەرگرتنی، بۆیە زۆر نیگەران نەبووم و گوتم هەر لە ڕۆژی تاقیکردنەوەکەدا دەیبینم.

بەیانی ڕۆژی تاقیکردنەوەکە زۆرم چاو گێڕا تا بیدۆزمەوە بەڵام لەو قوتابخانەی منی لێبووم نەمدیت؛ گوتم: ڕەنگە لە قوتابخانەیەکی دیکە بێت؛ دواتر هەر هەواڵی دەزانمەوە. دوای تاقیکردنەوەکە ڕۆشتمەوە بۆ ماڵ و ژمارەکەیانم گرتەوە،

ئەمجار گوێم لە دەنگێک بوو بە هێواشی وڵامی دامەوە؛ نێرگز بوو!

- چۆنی نێرگز گیان دوو ڕۆژە پەیوەندیت پێوە دەکەم ئەوە لە کوێی؟ تاقیکردنەوەکەت چۆن بووی؟

تەنیا گوێم لە دەنگی گریانی بوو؛ بە هەوڵی گوتم:

- چ بووە تاقیکردنەوەکە باش نەبووی؟

- نەیانهێشت بڕۆم بۆ تاقیکردنەوە، ئێستایش دەیانهەوێ بمکوژن، تکایە بە باوکت بڵێ با فریام کەوێت...

دواتر تەلەفۆنەکە داخرا. باسەکەم بۆ بابم گێڕایەوە، زۆری پێناخۆش بوو گوتی: دەبێ چاوم بە بنەماڵەی نێرگز بکەوێ! من و بابم و دایکم بۆ یەکەمجار ڕۆشتین بۆ لادێکەیان؛ بە پرسیار پرسیار ماڵەکەیانمان دۆزییەوە، ماڵێکی دوو نهۆمی کاگڵی کۆن، کە ژێرەوەی گەوڕ بوو؛ بەردەمی ماڵەکەیشیان بێستانێکب

وو کە دەورەکەی بە چیلکە پەرژین کرابوو، لە سەر گوێسەبانی ماڵەکەیان ڕیزە ئینجانەیەک لە ڕێحانە و گوڵە مەخمەڵی دانرابوون؛ نێرگز هەمیشە دەیگوت ماڵەکەمان زۆر خۆشە و لە سەد ماڵی شاریم پێخۆشترە، دەیگوت تەنانەت ماڵین و خاوێن کردنی گەووڕەکان ماندووم ناکات، قسە و هەڵسووکەوتی باوک و براکانم ئازارم دەدات. تەقەمان لە دەرگای ماڵەکەیاندا؛ دایکی بە لارەلار هات بەرە و پیریمان؛ گوتم من هاوڕێی نێرگزم، دایکی زۆر بە بینینمان دڵخۆش بوو؛ دیتم نێرگز بە خێرایی بە جلەکوردییەکانیەوە بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە؛ بە گریانەوە باوەشی پێدا کردم. کەسیان لە ماڵەوە نەبوو هەر خۆی و دایکی بوون، تا هاتنەوەی باوک و دوو براکەی هۆکاری نەهاتنی بۆ تاقیکردنەوەکەی بۆ گێڕاینەوە. دایکی گوتی: نێرگز داواکاری هاتووە و باوکیشی گوتوویە ئیتر پێویست ناکات بڕوات بۆ تاقیکردنەوە؛ نێرگزیش دەگریەت و دەپاڕێتەوە بەڵام باوکی سێبەسێ تەڵاقی لێ دەخوات کە ناهێڵێ بڕوات. بەو جۆرە تاقیکردنەوەکەی لە دەست دەدات. دوای کاتژمێرێک کاک مەحموودی باوکی هاتەوە؛ لە گەڵ باوکمدا دەستی لێدایەوە و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین، ئەوەندە لەسەرخۆ و بە ڕووخۆشی قسەی دەکرد دەتگوت نێرگز هەموو ئەو شتانەی سەبارەت بە باوکی و براکانی گوتبوو هیچیان ڕاست نەبوون و ئێمە بە هەڵەدا چووبووین. ئەوەندەی پێنەچوو دوو براکەیشی هاتن. براکانی بە هێمنی کاک مەحموود نەبوون، کاتێکیش زانیان بە چ مەبەستێک هاتووین تەنانەت یەک قسەیشیان نەکرد، باوکم و کاک مەحموود فەترەیەکی زۆر پێکەوە قسەیان کرد؛ دواتر باوکم ڕووی لە براکانی کرد و گوتی:

- لە لای من کچ یان کوڕ هیچ جیاوازییەکییان نییە، کچەکانم خۆیان ئەوەیان پێ سەلماندووم؛ دەبێ ئێوەیش ڕێگە بدەن نێرگز بخوێنێ و خۆی دەربخات. ئێمە ناتوانین بە نەخوێنەواری و نەزانینمان داهاتووی کچەکانمان خراپ بکەین. بۆ ئێوە لە ژیانی ئێستاتان زۆر ڕازین کە دەتانهەوێ منداڵەکانیشان هەمان چارەنووسیان ببێت؟ لێیان گەڕێن با بە دڵی خۆیان بژین. من دڵنیام نێرگز داهاتوویەکی زۆر ڕووناکی دەبێت، بەستنەوەی لە ماڵەوە گەورەترین تاوانە بەرامبەری...

کاتێ باوکم قسەی دەکرد چاوم لە براگەورەکەی بوو کە بەردەوام لێوی خۆی دەگەست وەک کەسێکی دڵڕەق و تووڕە کە دانی بە سەر تووڕەبوونیدا گرتبێ و نەفرەت لە شتێک بکات؛ بەڵام هیچی نەدەگوت. دواقسەی کاک مەحموود ئەوە بوو تازە تاقیکردنەوەی ئەمساڵی بەسەرچووە ئەگەر ڕازی بە داواکارەکەی نەبوو ئەوا ڕێگەی دەدەین ساڵی داهاتوو بەشداری بکاتەوە و ڕێگەی لێناگرین. نێرگز بزەیەک گرتی و دوای ئەوەی کە دەورێ چایی هاورد لە پەنای مندا دانیشت و پرسیاری لە چۆنییەتی تاقیکردنەوەکە ئەکرد...دواتر ئێمە هەڵساین و هەرچەندە داوایان کرد بۆ شێو بمێنینەوە، دانەنیشتین و گەڕاینەوە. هەستم بە ئاسوودەییەکی ئێگجار زۆر دەکرد، بۆ ئەوەی یەکەمجار بوو لە ژیانمدا هەنگاوێ هەڵگرم کە ببێ بە هۆی دڵخۆشی و ئارام بوونی کەسێک کە ساڵانێکە وەک ئەوەی لە نێو قەفەست خستبێ ڕێگەی دەرباز بوونی نەبووە. ئەوە دوایین بینین و قسەکردنی من لە گەڵ نێرگزا بوو، چونکا لە دوای ئەوە ئیتر هیچکات نەمتوانی نە بیبینم نە گوێیشم لە دەنگی بێت. وڵامی تاقیکردنەوەکان هاتبووەوە، دەرچووبووم بەڵام هیچ دڵخۆش نەبووم چونکا من و نێرگز بەڵێنمان دابوو پێکەوە بخوێنین. هەر ڕۆژ ژمارەکەیانم دەگرت بەڵام تەلەفۆنەکەیان بە یەکجاری داخرابوو. بەردەوام بیر و هۆشم لە لای بوو، چەند شەوێک بوو خەوەکانم ئاڵۆز ببوون و بە دیتنی مۆتە لە خەو ڕائەپەڕیم، سێ مانگ لە دوایین جارێ کە ڕۆشتبووین بۆ ماڵیان تێپەڕیبوو، هێشتا زانکۆکان نەکرابوونەوە، چەند جار ویستم خۆم بڕۆم بۆ لادێکەیان بەڵام نیگای برا گەورەکەی هێشتا لە پێش چاوم لانەدەچوو. دیسان داوام لە باوکم کرد جارێکیتر پێکەوە بڕۆین. باوکم بەردەوام دەیگوت: دڵبەدوا مەبە، دڵنیا بە هیچ کێشەیەکی نییە و ئێستا خەریکی خوێندنە بۆ ساڵی داهاتوو. بەڵام من تازە وەسەرم کەوتبوو کە دەبێ بڕۆین و دواجاریش ڕۆشتین. گوتم: ئەمجار با بۆ شێو بمێنینەوە؛ کاتێ گەیشتینە بەر دەرگاکەیان دایکی لە دوورەوە دەهاتەوە، هەر کە منی بینی، سەوەتەیەکی لە سەر شان بوو، فڕێیدا و بە گریان و خۆ ڕنین

بەرەو ڕووم هات...دڵم لەرزی، دەم و چاوی دایکی ساغایی تێدا نەمابوو، هەمووی ڕنیبوو، خۆم بەسەر پێوە نەدەگرت، هەر دوو ئەژنۆم دای بە عەرزا... گوتم: نێرگز نێرگز کوا؟ نێرگز چی بەسەر هاتووە؟ دایکی نەیدەتوانی هیچ شتێک بڵێت، هەنسکەکانی ڕێگەی قسەکردنی پێبڕیبوو، دایکم دەستی دایە ژێر باڵی و چووینە ماڵەوە. هەر بە دەم گریانەوە گوتی: گوڵە نێرگزەکەم پەلپەل بوو کچم، نێرگزکەم لە دەستدا... ئێستا ئەو چاوە جوانانەی لە ژێر خاکدایە!

نێرگزیان بە مێرد دابوو، داواکردن و مارەکردن و گوێزاندنەوە، هەمووی لە دوو سێ حەفتەدا بەڕێوەچووبوو؛ مێردەکەی ڕۆژی دوای زەماوەندەکەیان ئەیهێنێتەوە بۆ ماڵە باوکی و دەڵێ ئەوە خۆتان و کچەکەتان؛ ئیتر هیچ قسەیەکی دیکە ناکات. نێرگزیش جگە لە فرمێسک ڕشتن هیچی پێ ناوترێت. تەنانەت شەرم دەکات بڵێ چ بووە. کاتێ براکانی هەواڵی دەگرنەوە، پێیان دەڵێن ئێوە شەرەفتان نییە، خوشکەکەتان پەردەی نەبووە و ئەمەتان لە ئێمە شاردۆتەوە، خوا دەزانێ بە بیانووی خوێندن لە شار چی کردووە. پێدەچێ دوکتۆرەکەیش بە پارە بەڵگەنامەی ساغی پەردەکەی بۆ نووسیبێت، ئێمە هیچ خوێنێکمان نەدیووە.

دەڵێن ڕۆژێک نێرگز لە گەوڕەکەدا پەت هەڵدەخات و کۆتایی بە ژیانی دێنێت... لە ژێرزەمینەکە هاتینە دەرەوە گوتم: دایە! بیری نێرگزم کردووە. کاتێ چوومە سەر گۆڕەکەی بینیم گۆڕەکەی بە گوڵی وەنەوشە داپۆشراوە...

• شەرمین ساڵحی

Lisa Hegner



## «توند و تیژی»

وشکەساڵیەکی زۆر ڕووی لە وڵات کرد، باران کەم باری و زەوی تێنوو بوو، ئەم کۆمپانیایەی نەوزاد کاری تێدا دەکرد خەریک بوو ماتە پوچ بێت. بەڕێوبەری کۆمپانیا بیری لەوە کردەوە بەشێک لە کارمەندەکانی لە کار دەر بکات. نەوزادی باوکی دوو منداڵ، کچێکی هەشت ساڵان و مەلۆتکەیەک ناوی لە ناو لیستەکە دابوو، یەکێک بوو لەو کارمەندانەی بێکار مایەوە. نیوەڕۆیەکەی نەوزاد زۆر بە دڵتەنگی بەرەو ماڵ گەڕایەوە. لە ڕێگا ناوە ناوە شەقی لەو بەردانە دەدا کە دەهاتنە بەردەمی، هەندێک جاری قودی و شتی تر. تورەی و دڵتەنگی بە ڕوویەوە دیار بوو. کە گەیشتە ماڵەوە، هاوسەرەکەی بەخێر هاتنەوەی کرد؛ نەوزاد بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، گوتی: نان ئامادەیە؟

هاوسەرەکەی بەسەر لەقانێک ئاماژەی بەوە کرد؛ بەڵێ ئامادەیە.

هاوسەرەکەی کە مەلۆتکەکەی لە باوەش بوو، بە دەستێک مەلۆتکەکەی گرتبوو بە دەستێکیش سفرەکەی ڕاخست و شتەکانی دانا.

نەوزاد زۆر بەبێدەنگی دەستی کرد بە نان خواردن، لە پرێک هاوارێکی لێ بەرز بۆوە، پر بە دەمی خۆی هاواری بەسەر ژنەکەی داکرد؛

ـ ئەم خواردنە بۆ وا سوێرە؟

ـ فریا نەکەوتم تانی بکەم، ئەو منداڵە هەر دەگریا.

ـ ملت بشکێنە و هێلکەو ڕۆنەکم بۆ بکە.

هاوسەرەکەی چووە متبەقەکە، تاکو هێلکە و ڕونێک بۆ نەوزاد ئامادە بکات. مەلۆتکەکەی باوەشی دەستی بە گریان کرد و ژیر نەدەبوویەوە، مەمکی دەرهێنا بە هەستێکی تێکەڵ لە تورەی و میهرەبانی ختیە دەمی منداڵەکەی، چەند جارێک لە باوەشی خۆی ڕای ژاند و دەستی بە ئامادەکردنی هێلکە و ڕۆنەکە کرد.

دوای چەند خولەکێک هێلکە و ڕونکەی لە بەردەم نەوزاد دانا، بینی کەچکەی وا خەریکی یاری کردنە، هاواری بە سەردا کرد؛ بۆ نایەی نانەکەت بخۆی؟

لێی چووە پێش و قۆڵی ڕاکێشا بەرەو سفرەکە.

کچەکەی بە گریانەوە لەسەر سفرەکە ڕۆیشت و گەڕایەوە سەر یاری کردنەکەی خۆی. دەستی کردەوە بەیاری کردن وردە وردە خەریک بوو کڕ دەبوویەوە یاری بە بوکەڵەکەی دەکرد، سەری لێدەکردوە و دایدەناوە، جلەکانی لەبەر ڕادەکێشا، قۆڵەکانی لێدەکردەوە.

لە دەرگایی ماڵی نەوزاد درا، هاوسەری نەوزاد دەرگاکەی کردەوە منداڵی جیرانەکەیان بوو، بە دوایی کچەکەیان دا هاتبوو بۆ یاری کردن، نەوزادیش ڕێگەی بەکچەکەی دا بچێتە دەرەوە بۆ یاری کردن. دوای سەعاتێک لە دەرگە درا، نەوزاد دەرگەی کردەوە، جیرانەکەی نەوزاد بوو، کچەکەی بۆ هێنا بوویەوە، بە نەوزادی گوت: لە کۆڵان بەشەر هاتووە، بۆیە هێنایەوە.

• جێگر بەختیار



Frank Seltmann

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

**کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:**

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌́◌́ ◌̄,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ٭]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) یت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا دورووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "ه‍"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بە تامە چیرۆک

**ئالان:**

ڕەسواغای جەبەڕەندێ* وەسەر لاوانی ئاوایی کرد نوێژ نەکەن مافیان نییە بێنە مزگەوت.

ئەوانیش لە ترسان وێکەوتن نوێژ بکەن.

ڕۆژێکیان دەچێتە ئاودەستەکانی مزگەوت؛ پۆلێک کوڕ خەریکی تارات و دەسنوێژ گرتن بوون. یەکێک لەو کوڕانە کە مام ڕەسواغا دەبینێ زوو هەڵدەستێتەوە و مام ڕەسوغاش دەڵێ دانیشەوە ئاوا نابێ جوان خۆت وەشۆ.

ئەویش دەڵێ وەڵا جوانم خۆ شۆردوتەوە.

دەڵێ نانا دانیشەوە دەبێ کرەی لێ بێ، ئەتۆ ئاوی پێ داکە ئەمن بۆت دەشۆمەوە.

جا ئەوە مام ڕەسواغا وادەکا: دەبێ ئاوا کونانی بشۆی، دە هەستەوە لە کونێت بەم، جا ئەوجارە هەڕۆ ئاوی پێ وەخۆ!

*جبەڕەند نێوی ئاواییەکە لە نزیک ڕەبەت.

## شایەدی کەو/ نادر مستەفازادە ـ ڕەحیمخان:

دەڵێن سێ دز لە جێیەکی چۆل کابرایەک دەگرن و ڕووتی دەکەن.

کابرا دەپاڕێتەوە دەڵێ: هەرچیم پێیە، بیبەن و نۆشی گیانتان بێ، بەڵام مەمکوژن. ئەوانیش گوێی نادەنێ و دەڵێن هەر دەتکوژین. لەو کاتەدا پۆلێک کەو بە لە سەریانەوە دەفڕن. کابرا دەڵێ: هۆی کەوەکان شایەد بن، ئەوانە وا بێ تاوان ڕووتیان کردووم و دەمکوژن. دزەکان گەلێک بەساویلکەییی کابرا پێ دەکەنن. سەرەنجام کابرا دەکوژن.

کات تێپەڕ دەبێ تا ڕۆژێک ئەو دزانە لە ئاواییەک دەمێننەوە. ڕوو دەکەنە ماڵە ئاغا و میوانی دەبن.

ئاغا کە کەویان زۆر دەبێ دەستور دەدا کەو سەر بڕن و بۆ شام سووری کەنەوە.

کاتێ شامیان بۆ دادەنێن یەکیان پێ دەکەنێ و ئەوانی تر دەڵێن: چ بووە و بەچی پێ دەکەنی؟!

ئەویش دەڵێ: لەبیرتانە کابرایەکەمان لە فلان جێ کوشت و کەوی گرت بە شایەد؟! شایدییان کە بۆ نەدا هیچ، ئەوە گۆشتەکەشیانمان خوارد.

یەکێ لە نۆکەرەکانی ئاغا لە پشت دەرکە ئاگای لێ دەبێ و خێرا دەچێ بە ئاغا ڕادەگەیەنێ کە ئەو میوانانە قاتڵی براکەتن و ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. دەچن قۆڵبەستیان دەکەن و پاش لێدان، بە سزای تاوانی خۆیان دەگەیەنن و بەم جۆرە کەو شایەدی دەدن.

تاوان ون نابێ گەر شایەدت کەوێکیش بێ!

## عەبدووڵڵا ئیسماعیلی:

قامیشەڵانێک ئاوری گرتبوو. مارێک کە لە گەمارۆی ئاگرەکە دابوو دەرەتانی ڕزگار بوونی نەبوو. شوانێک بەزەیی بە حاڵیدا هات و گرتی؛ لە توورەکەیەکی نا و بە کۆڵی دادا و وەڕێ کەوت. کە شوانە چەند هەنگاو لە ئاگرەکە دوور کەوتەوە مارەکە لە توورەکە هاتە دەر و بە شوانەی کوت: بە ملتەوە دەم یان بە لێوتەوە؟! شوانە کوتی: حەقی چاکەی خراپەیە؟!

قەراریان دانا گەیشتنە هەرکەسێک لێی بپرسن تا کێشەیان چارەسەر بکا. تووشی ڕێوییەکی گەڕیدە بوون لێیان پرسی؛ ڕێوی کوتی: هەتا شتکە چون بووە وا نەیبینم ناتوانم هیچ بڵێم. گەڕانەوە و شوانە مارەی لەنێو قامیشەڵانە ئاورتێبەربووەکە هاویشت. مارە داوای یارمەتی کرد، ڕێوی وادەکا: بمێنەوە هەتا چاکە لە دونیا بار نەکا!

**خیزەشینە:**

خوالێخۆشبوو کاحوسێنی چەرچی زۆر ماڵە ئاغایان دەچوو. وردەواڵە و خەنە و دۆدی و بۆدی بۆ خانم و کەنیزان دەبرد. ڕۆژێک لە حەساری ماڵە ئاغای ئەحمەداوا ورتکە و پرتکەی بڵاو دەکاتەوە. ژنان تێی دەهاڵێن. خانم دەڵێ کاحسێن ئەو خەنەیە جسنە؟ دەڵێ زۆر. دەڵێ ڕاست دەکەی ئیدی؟! دەڵێ ئەرێ بە ئاوی کانیپانکە!

خانم لە ژووریش هەر بیر لەو سوێندەی کاحسێن دەکاتەوە، دەڵێ ئەرێ ئاغا ئاوی کانی پانکە قسنە، گومبەزە چییە؟ کاحسێن ئاوای پێ کوتم!

دەڵێ کچێ سەرشینی بابانوێران ئەوە بەویت دەڵێ!

- سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک: "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"


Alex Hardy
Alex Milyukov